www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەورووپا26-1-2006 22:53

# ئەنجامی هەڵبژاردن لەکەنەدا .. شەیدا بلّباس

لەهەڵبژاردنەناکامەکەی کەنەدا، 'پۆڵ مارتن' ی 21 کەمین سەرۆک وەزیرانی کەنەدای لەسەر تەخت دابەزاند و لیبراڵ پارتیش کەیەکێک لەپارتەزلەکانی ناو کەنەدایە؛ پاشەکشێ پێکرد. بەهۆی ئەم دۆرانەی کەدەگەرێتەوەبۆ هۆی سەرەکی کەگەندەڵی ئیدارییەو دزەئەندامەکانی ناو پارتەکە، ئەگینا نیانترین رۆلیان بەرامبەر گشت توێژەکانی ناو کۆمەڵی کەنەدی و بارودۆخەکان، دەگێرا.

' ستیف هارپەر' ی کۆنسێرڤەتیڤ - پارتی پارێزگاران- بە124 واتە21 زیاتر لەپارتی لیبراڵی بردەوەو بەنیازەحکومەتی کەمایەتی دامەزرێنێت. ئەم سەرکەوتنەی پارتی کۆنسێرڤەتیڤ لەدوای دەساڵ کەلیبراڵ پارتی حکومەتی فیدراڵی کەنەدای هەڵدەسوڕاند؛ گرەوی بردەوەو جارێکی تر هاتەوەسەر تەختی جاران.

پارتی کۆنسێرڤەتیڤ هاوبیری ئەمریکایەو تا ئەندازەێک خۆیان بەدۆستی کورد دەزانن.. بەڵام دروشمەکانی بۆ کاتی هەڵبژاردن بەرزیان کردەوەو ئامانجەکانیان دژەهەژار و کۆچەرانە؛ لەکاتێکدا رێژەی سەرژمێری کۆچەر لەرەسەنانی زیاترەلەکەنەدا .

پارتی دیموکراتی نوێ لەدوای پارتی کوبەکوا بەرێژەی چوارەم ی29 بەدەستهێنا، کەکوبەکواش توانای خۆی لە51 دا بینیەوە.

بەرنامەی ستیف هارپەری سەرکردەی پارتی کۆنسێرڤەتیڤ، بەبڕینی سۆشیال و کردنی بوارەتەندروستیەکان بەپارەو کەمکردنەوەی باج، لەئارادایە.. کەئەم بەرنامەیەزیاتر لەخزمەت خەڵکی سەرمایەدارە.. هەرچەندەلیبراڵ و دیموکرات، لەبەر گەندەڵی و نەبوونی سەرکردەێکی لێهاتوو، دەنا بەرنامەیان لەپارتی براوەگەلێک رەواتر بوو، بۆ گشت خەڵکی کەنەدا.

دوا بەدوای جەنگی سارد، لەزۆربەی وولاتان شۆرشی هەڵبژاردن هاتۆتەئاراوە، کەئەمەش گەر لەفرت و فێڵ دوور بێت، چێترەلەشۆرشی چەکداری و ئینقیلابەکانی دەیەی پێشووتر.

جا ئەنجامی ناکامی ئەم هەڵبژاردنە، بۆچوونێک لەخۆی نیشان دەدا، ئەویش نزیکبوونەوەی لەگەڵ ئەمریکادا، لاپەرەێکی سپی لەقۆناغی داهاتوو هەڵدەداتەوە.. نزیکبوونەوەی ئاستی رێژەی دراویش کەئەمساڵ دراوی کەنەدا تا رادەێکی بەرچاو سەرکەوتووەو لەنرخی دراوی ئەمریکی تا دێت نزیکتر دەبێتەوە. لەوانەبێت یەکێتییەک لەنێوان وولاتانی ئەمریکای باکور لەبازرگانیەوەزیاتر پەرەی پێبدرێت بۆ یەکێتی یەکەی دراو، کەئەمەش خۆی لەخۆیدا هاوکێشەێکی تازەدروست دەکا بەرامبەر یۆرۆ و یەکێتی ئەورویپی.

پۆڵ مارتن' ی سەرۆک وەزیرانی کەنەدا، لەم دوو ساڵەی پۆستەکەیدا، بەهۆی بێئاگایی لەگەندەڵی و کەمتەرخەمی، پارتەکەی بەرەو نەهامەتی لێژ کردووە، کەئە مەیەکەمجارەبەم شێوەیەخی ببینێتەوە.. بۆیەسەرکردەدورێکی باڵای هەیەلەبەرێوەبردنی کۆمەڵگا. لەم وولاتەبەپێی کەمبوونی جڤاتی کوردی، تاکو ئێستا لەدەرگای سیاسەتی هیچ پارتێک نەدراوە، تا لێی بچنەژوورەوەو قورساییەک بۆ مەسەلەی کوردی لەسەر سیاسەتی کەنەدا دابنێن و رۆلیان هەبێ. ئەمەش جێگەی داخە! گەر لەچاو میللەتانی ناو کەنەدا تێبپروانین..! چونکەیاسای کەنەدا ماڵتی کەڵچەریەو دەتوانرێت سەنگت هەبێ، هەم بۆ کۆمەڵەی نەتەوەکەت لەناو کەنەدا و هەم دەرەوە.

پەیامنێری کوردستان نێت/ئۆتاوە-کەنەدا
شەیدا بلّباس